# بازاڕکاریی دەروونی

نووسین:
ژان بقوسیان – ئازەر جەوزی
وەرگێڕان:
گەشتیار غەریب

## ناسنامەی کتێب:


- ناوی کتێب: بازاڕکاریی دەروونی
- ئامادەکردن: گەشتیار غەریب
- تایپ و پێداچوونەوە: زانیار غەریب
- نەخشاندنی بەرگ: میر موکری
- نۆرەی چاپ: دووەم
- ساڵی چاپ: 2023
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٥ هەزار
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(١٥٩٧)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە.
- لە بەرهەمەکانی پڕۆژەی (کارسازی شادمان).
- کتێبی ژمارە (٧).

# زیادکردنی فرۆش

# بەبێ خەرجکردنی پارە لە ڕیکلامدا

بۆ داواکردنی ئەم کتێبە: لێرە کلیک بکەن

"ئەم کتێبە بۆمان ڕووندەکاتەوە، ئەو پاڵنەرانە چین کە وادەکەن کەسێک بڕیاری کڕینبدات؟ بەمەیش خاوەنکارەکان دەتوانن فرۆشیان زیادبکەن".

ئومێد محەمەد

پسپۆڕی ڕوخسارناسی

"بەهۆی ئەم کتێبەوە، کاتێک ڕیکلامەکان لە تیڤی ئەبینیت، ئەزانیت ڕیکلامەکە فرۆش زیاتر ئەکات یان پارە بە فیڕۆدانە".

کۆسرەت عەبدولکەریم

ئەندازیاریشارستانی

"ئەم کتێبە کۆمەڵە کورتەڕێیەکی خێرا و ئاسان و کاریگەرە، بۆ فرۆشتنی کاڵا و شمەکەکانت لە زووترین کاتدا و بە زۆرترین کڕیار".

حەیدەر محەممەد

وەرگێڕ

"ئەم کتێبە کۆمەڵێک تەکنیکی تێدایە، کە هاوکاری خاوەنکارەکان دەکات کڕیارەکان ئاسانتر کاڵاکانیان بکڕن".

سیۆە محەمەد

دەرچووی پۆلی ١٢

"لە نرخ و کواڵیتی کاڵاکان گرنگتر؛ لایەنی دەروونی کڕیارە. ئەم کتێبە فێرتدەکات چۆن وابکەیت کڕیارەکەت خێراتر بڕیاری کڕینەکە بدات".

گەشتیار عەلی

بەڕێوەبەری کۆمپانیای یارۆ- سلێمانی

"یەکەم جارم بوو کتێبێک بخوێنمەوە کە فێرمبکات وەک فرۆشیار کاریگەری لە سەر کریار دابنیم".

عبدالرحمن سنجاوی

گرافیک دیزینەر

"پێویسته هەموو خاوەن بزنسەکان ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، چونکە زانیاریەکانی تازەن و توانایی مانەوە لەبازاڕ زیاتر ئەکات".

شەهریار حاجی

ی . پزیشک و مەنجەر لەکۆمپانیای ئەلۆڤیرای ئەمریکی

"ئەوەی لەم کتێبەدایە یارمەتی بازرگانەکان دەدات، بەرهەمەکانیان زووتر ساغ بکانەوە، بەبێ ئەوەی تەنها تەرکیزیان لەسەر ڕیکلامبێت".

هەنار یاس

خوێندکاری ئامادەیی

"نمونەکانی ناو کتێبەکە ئەو کاتانەی بیرهێنامەوە، کە لە فرۆشگاکاندا خەریکم شت دەکڕم. دڵنیام ئەم کتێبە دەتوانێت فرۆش زیادبکات".

شەهرام کەمال

ئەندازیار

"کۆمەڵێک ڕێگا لەم کتێبەدا باسکراوە بۆ فرشتن، کە وادەکات کڕیارەکەمان نائاگایانە بڕیاری کڕینی کاڵاکان بدات"

سیروان کاکی

بازرگان لە قەیسەری نەقیب

# بەشی حەوتەم

## (٢١) هونەری بازاڕکاریی دەروونی

لە بەشەکانی پێشتردا ئاشنای بنەما گرنگەکانی بازاڕکاریی دەروونی بووین. لەم بەشەدا باسی (٢١) ڕێکاری گرنگ دەکەین کە بە بەکارهێنانیان سەرکەوتنی زیاتر لە بازاڕکاری و فرۆشدا بەدەست دەهێنیت.

### ١. بژاردەی گونجاو بدەرە کڕیارەکە

هەتا کڕیارەکە بتوانێت ئاسانتر کڕینەکەی ئەنجامبدات، ئەگەری کڕینی زیاتر دەبێت. هەروەکو پێشتر باسمانکرد، مێشکی کۆن، ڕقی لە ئاڵۆزییە. یەکێک لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی دابەزینی فرۆش، بریتییە لە ئاڵۆزبوونی بژاردەکان.

# بژاردەی زۆر

هەڵبژاردنی بژاردەیەک لە نێوان بژاردەی زۆردا مێشک ماندوو دەکات و، دەبێتە هۆی ئەوەی کڕیارەکە واز لە کڕینەکە بهێنێت. زانکۆی (ستانفۆرد)، لێکۆڵینەوەیەکیان کردووە کە دەریدەخات کاتێک خەڵکی ڕاپرسییەکی دوورودرێژیان دەدرێتێ کە بژاردەی زۆری تیایە، وردیی وەڵامدانەوە دێتە خوارەوە و وەڵامی ڕاستی پرسیارەکانی کۆتایی ناداتەوە.

وا دابنێ دەچیتە دوکانێکەوە کە تەنها چاکەتوپانتۆڵ دەفرۆشێت، (١٠٠) مۆدێل چاکەت و پانتۆڵ لە دوکانەکەدا بوونیان هەیە. ئەگەر پێویست بکات سەرنجی هەر (١٠٠) جۆرەکە بدەیت ئەوکات جۆرێکیان دیاری بکەیت، ئەوا بە ئەگەری زۆر لەو دوکانەدا کڕینەکەی خۆت ئەنجام نادەیت.

ڕەنگە ئەم نموونەیە (ناواقعی) ببینرێت و زۆرینەی خەڵک حەزدەکەن بۆ کڕینەکانیان بچنە جێگەیەک کە بژاردەی زۆریان لەبەردەستدا بێت.

بابەتەکە ئەوەیە، هەتا بژاردەی زۆرترمان هەبێت، ئەگەری ئەوەی خەڵکی زۆربێتە لامان زیاد دەکات، چونکە هەست بە ئازادی

دەکەن لە کاتی کڕیندا؛ بەڵام پێویستە هەوڵبدەیت بژاردەی زۆر لەبەردەستدا نەبێت بۆ کڕین.

یەکێک لە گرنگترین کارەکانی فرۆشیاری سەرکەوتوو بریتییە لە کەمکردنەوەی بژاردەکان بۆ کڕیار.

ڕەنگە فرۆشگایەک زیاد لە (١٠٠) مۆدێل چاکەتوپانتۆڵی هەبێت. کە ئەمەیش بە خاڵی هێز دەستنیشان دەکرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی زیاتر ڕووی تێبکەن.

ئێستا ئەگەر فرۆشیارێکی بەتوانایان هەبێت کە بتوانێت بە پرسیاری ورد بژاردەکان کەم بکاتەوە بۆ کڕیارەکە، سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنن.

لە زۆرێک لە کاتەکاندا باشترە لە کۆتایدا دوو بۆ سێ بژاردە بۆ کڕیارەکە بهێڵینەوە و، بڕیاردان لە نێوان بژاردە کەمەکاندا بدەینە دەستی کڕیارەکە خۆی.

# (٦) یان (٢٤) بژاردە

زانکۆی کۆلۆمبیا لێکۆڵینەوەیەکی کردووە کە لە سەر دوو مێزی هاوشێوە مرەبایان داناوە. یەکێکیان شەش مرەبای لەسەرە و ئەوی تر (٢٤) جۆر.

ئەو مێزەیان کە مرەبای زیاتری لەسەرە (٪ ٦٠)ی خەڵکی لای دەوەستن و سەیری بژاردە جیاوازەکان دەکەن. بەڵام ئەوەیان کە مرەبای کەمتری لەسەر بوو بڕێکی زۆر کەمتر خەڵک دەوەستا.

سەیر ئەوەبوو: (٪ ٣٠)ی ئەو کەسانەی لای (٦) جۆرە مرەباکە دەوەستان مرەبایان دەکڕی.

بەڵام تەنها (٪ ٣)ی ئەوانەی لای (٢٤) جۆرە مرەباکە دەوەستان کڕینیان ئەنجامدەدا. ئەنجامەکەیش بەتەواوی ڕوونە: کەمکردنەوەی بژاردەکان ئەگەری کڕین (١٠) قات دەکاتەوە.

# دانانی ژمارە و کەمکردنەوەی بژاردەکان

بۆیە زۆر گرنگە کە لە کارەکانماندا ژمارەی بژاردەکان کەم بکەینەوە، ئەمەیش واتە ژمارەی بژاردەکان ئەوەندە کەم نەبن، کە کڕیارەکە هەست بەوە بکات ئازادیی تەواوی نییە بۆ کڕین و ئەوەندەیش زۆر نەبن، کە کڕیارەکە سەری لێ بشێوێت و نەزانێت چی بکڕێت.

## بژاردە هاوشێوەکان لاببە

یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی تر بریتیە لە جیاوازیی پێویستی نێوان بژاردەکان.

ئەگەر بژاردەکان زۆر لەیەک بچن و جیاوازییەکانیان زۆر ڕوووننەبێت، ئەوا فرۆش دادەبەزێت.

زۆرینەی فرۆشیارەکان بژاردەی هاوشێوەیان هەیە و، کاتێک پرسیاریان لێ بکرێت جیاوازیی نێوانیان چییە؟ وەڵامێکی ئاشکرا و ڕوونیان نییە و، تەنها باسی کوالێتی کالاکان دەکەن.

لێکۆڵینەوەیەک کە کۆمپانیایەکی سەنگافوور ئەنجامیداوە دەریدەخات، هەرکاتێک لە وێبسایتێکدا، دوو بەرهەمی هاوشێوە هەبن کە تایبەتمەندییەکانیان لە یەکتر بچن و، نرخیشیان لە یەکتر نزیک بێت، تەنها (٪ ٤٦)ی کڕیارەکان کڕینەکەیان کۆتایی پێ دەهێنن.

دوای ئەم لێکۆڵینەوەیە هاتن نرخی یەکێک لەو دوو بەرهەمەیان گۆڕی و نرخێکی زۆر بەرزتریان خستە سەری بە بەراورد بە بەرهەمەکەی تر.

لەم بارەیاندا، (٪ ٧٧) ی کڕیارەکان کڕینەکەیان کۆتاییپێهێنا و کالاکەیان کڕی.

فرۆشگا زنجیرەییەکانی (واڵتمارت)یش کە خاوەنی (١٠) جۆر عەلیبابا بوون، ژمارەی جۆرەکانیان کەمکردەوە بۆ تەنها (٢) جۆر.

ئەم دوو جۆرەیش لە ڕووی قەبارە، بەستەبەندی، و نرخەوە جیاوازییان هەبوو و لەیەکتر نەدەچوون.

ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی کە فرۆشی عەلیبابا لەم کاتەدا کە دوو جۆرە؛ زیاتر ببێت لەو کاتەی کە (١٠) جۆریان لا هەبوو.

سڕینەوەی بژاردەکان کارێکی زۆر سەختە بۆ زۆرینەی فرۆشیارەکان، بەڵام ئەم کارە دەبێتە هۆی زیادکردنی فرۆش.

# ڕێکخسنی گونجاوی بژاردەکان

ڕێکخستنی گونجاو و ژیرانەی بژاردەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە کڕیار ئاسانتر کاڵاکەی هەڵبژێرێت.

ڕەنگە کارەکەتان بە جۆرێک بێت کە کڕیارەکە خۆی بژاردەکەی خۆی هەڵبژێرێت. بۆ نموونە ئەگەر ڕێستورانتت هەبێت، ئەگەری زۆرە کڕیارەکان حەزنەکەن پرسیاری زۆریان لێ بکرێت و، بیانەوێت خۆیان بژاردەکان ببین  و هەڵیانبژێرن.

لەم بارانەدا، هەتا ڕێکخستنی بژارەداکان سادەتر بن و جیاوازییەکەیان ڕوونتر بێت، هەڵبژاردن ئاسانتردەبێت. بۆ نموونە دەکرێت لە لیستی خواردنەکانی ڕێستورانتدا، جۆری خواردنەکان بەپێی نرخەکانیان ڕیزبکرێت.

یەکەم بژاردە گرانترین بێت و، بەم جۆرە هەتا کۆتایی هەرزانترین بێت. ئەم جۆرە ڕێکخستنەیش لە فرۆشگاکاندا بەکاردێت. ڕێکخستنێک کە کڕیارەکە ڕاستەوخۆ لێی تێبگات، دەبێتە هۆی فرۆشی زیاتر.

ئەگەر لە ڕەفەیەکدا (٥٠) جۆر شامپۆ بوونی هەبێت، پێویستە دابەش بکرێن بۆ سێ دەستە. شامپۆی تایبەت بە قژی چەور، قژی ئاسایی، قژی وشک.

## ٢. داواکاریی بچووک

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی بازاڕکاریی دەروونی، کاتێک کەسەکان داواکاریی زۆر بچووک و ژیرانەیان لێبکرێت، ئەگەری ڕازیبوونیان بە بژاردە گەورەکان زیاتر دەکات.

## تاقیکردنەوەی داواکردنی ناونیشان

دەتوانیت ئەم بابەتە بە ئاسانی لە ژیانی ڕاستیدا ببینیت. دەکرێت بچیتە جێگەیەکی پڕ لە خەڵک و، ناونیشانێک کە لە کاغەزێکدا نووسیوتە لە خەڵکی بپرسیت. هەوڵبدەیت ناونیشانەکە درێژبێت و ئاڵۆزبێت. خەڵکی کە دەیبینن پێیان باشترە بڵێن ببورە نازانین و هاوکاریت نەکەن.

ئەم تاقیکردنەوەیە تۆزێک بگۆڕە، لە خەڵکەکە بپرسە: (ببورن کاتژمێر چەندە؟) دواتر کە وەڵامیاندایەوە، ناونیشانەکەیان پیشانبدە و بڵێ بۆ ئەم ناونیشانە دەگەڕێم و دەتوانیت هاوکاریم بکەیت؟

ئەوەی سەیرە ئەوەیە زۆرینەی خەڵکی ئامادەی هاوکاری دەبن و، کاتێکی باشت دەدەنێ بۆ ئەوەی ناونیشانەکەت بۆ ڕوونبکەنەوە لە کوێدایە.

# تاقیکردنەوەی دانانی تابلۆی هاتووچۆ لە زەویی کشتوکاڵیدا

لە تاقیکردنەوەیەکدا، بە کۆمەڵێک خاوەن زەوییان وت، کە لە زەوییەکانیاندا هێمای هاتووچۆ دادەنێن.

بۆ ئەم کارەیش دەبوایە حەفارەیەک بچێتە زەویەکەوە و تابلۆکە دابنرێت. تەنها (٪ ١٧)ی خاوەن زەویەکان ڕازیبوون بەم داواکاریە.

پاشان هەمان داواکارییان لە کۆمەڵێک خاوەن زەویی تر کرد، بەڵام بە شێوازێکی تر، سەرەتا پێیان وتن: هێمایەکی بچووک لە دەری زەوییەکەتدا دادەنێین.

دواتر چوونەوە لایان و وتیان کارەکەمان گۆڕاوە و دەمانەوێت تابلۆکە لە ناو زەویەکەتدا دابنێین و حەفارەی بۆ بهێنین. لە جاری دووەمدا (٪٧٤)ی خاوەن زەوییەکان ڕازیبوون بە سەرجەم داواکارییەکە.

# لێکۆڵینەوە لە پێویستییەکانی ماڵ

لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا، لێکۆڵەرەوان پەیوەندییان بە کەسانێکەوە کرد و وتیان بۆ لێکۆڵینەوەیەک لە پێویستییەکانی ماڵ، دەیانەوێت سەردانیان بکەن، سەیری ژوورەکان بکەن و، بزانن ئەم کەسانە چ جۆرە پێویستییەکی ماڵ بەکار دەهێنن.

تەنها (٪ ٢٢)ی بەشداربووەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە بە داواکارییەکە ڕازیبوون.

هەڵبەت ئەم ژمارەیە زۆر گەورەیە. هۆی ڕازیبوون بە پێشنیارێک هەمیشە مانای ڕازیبوون لە کارەکە نییە. زۆرێک لە خەڵکی بە ئاسانی ناتوانن داواکارییەکانی خەڵکی ڕەتبکەنەوە و بە کارێکی زۆر سەختی دەزانن، چونکە هەست بە دڵڕانەگرتی خەڵکی تر دەکەن و خۆیانی پێ دڵتەنگ دەبن.

جارێکی تر پەیوەندی کرا بە کۆمەڵێک خەڵکی ترەوە و، دوایان لێکردن لە ڕاپرسییەکی چەند خولەکیدا بەشداربن کە بەشێوەی تەلەفۆنیی چەند پرسیارێکیان لێدەکرێت.

دوای سێ ڕۆژ دووبارە پەیوەندییان پێوە کرا و، پێیان وترا دەمانەوێت سەردانتان بکەین بۆ لێکۆڵینەوەیەک لە

پێداویستیەکانی ماڵەکەتان. (٪ ٥٤)ی خەڵکەکە بەم داواکارییە ڕازیبوون. ئەمەیش واتە: ژمارەکە دووهێندە و نیو بوویەوە.

## سەرەتا داوای بچووک و دواتر فرۆشتن

خاڵەکە بە تەواوی ڕوونە. پێش لەوەی داوای کڕینیان لێبکەیت، داواکارییەکی تری بچووکیان لێبکە. شێوازەکانی کڕینی ئاڵۆز دابەش بکە بۆ قۆناغی سادەتر، لە یەکەم هەنگاودا داوا لە کڕیار بکە کە کارێکی سادە و بێمەترسی ئەنجام بدات. بۆ نموونە، ئەگەر دوکانی جلوبەرگت هەیە، داوا لە کڕیارەکان بکە جلەکان تاقیبکەنەوە. وە دڵنیای بکەنەوە پێویست نییە بیکڕێت و دەتوانێت بە ئارامی جلەکان تاقیبکاتەوە.

ئەگەر چەرەساتفرۆشیت هەیە، داوا لە کەسەکە بکە چەرەسەکان تاقیبکاتەوە و تامیان بکات.

ئەم شێوازە کاریگەریی زۆری هەیە بۆ فرۆشتن. ئەگەر بیمە دەفرۆشیت ڕەنگە بتەوێت کەسەکە پێشتر فۆڕمێ پڕبکاتەوە، یان تەنها ئیمەیڵەکەی خۆیت بداتێ، تا زانیاریی زیاتری بۆ بنێریت.

تەنانەت ئەگەر بۆ مامەڵەیەک چوویتە کۆمپانیایەکەوە، دەتوانیت داوای پەرداخێک ئاو بکەیت.

هەر ئەم داواکارییە بچووکە دەبێتە هۆی ئەوەی داواکارییە گەورەکانی دواتر ئاسان قبووڵ بکەن. ئەم بابەتە لە کتێبی وەرگرتنی وەڵامی ئەرێنیدا هاتووە کە (ڕۆبێرت چاڵدینی) نووسیوویەتی.

# داواکاریی بچووک لە ئینتەرنێتدا

ئێستا چۆن دەتوانیت ئەم بیرۆکەیە لە ئینتەرنێتدا بەکار بهێنیت؟ هەر بەو جۆرەی کە دەزانیت یەکێک لە کلیلیترین کارەکانی وێبسایت بریتیە لەوەی وا بکات خەڵک ناویان تۆمار بکەن لە وێبسایتەکەدا.

ڕەنگە بتەوێت بۆ تۆمارکردنی ناویان زانیاریی زۆرت بدەنێ. ئەم کارە بکە بە دوو قۆناغ.

یەکەمجار فۆڕمێکی بچووکی تۆمارکردنت هەبێت، کە کەمترین زانیاری لە بەرامبەر وەربگریت.

بۆ نموونە دەتوانیت تەنها ناو و ژمارەی پەیوەندی بێت. دواتر کە زانیارییەکانی پێدایت. کەسەکە بێتە پەڕەیەکی تر و سوپاسی دەکەیت و پێی دەڵێیت، تۆمارکردنەکە سەرکەوتووبوو.

وە لەو پەڕەیەدا داوای لێبکە بۆ هاوکاریی زیاتر چەند زانیارییەکی تریش پڕبکاتەوە وەکو تەمەن و کار و بڕوانامە.

زۆرینەی خەڵکی بە ئاسانی فۆڕمی دووەمیش پڕدەکەنەوە. بەڵام ئەگەر هەموو زانیارییەکانت لە پەڕەی یەکەمدا وەربگرتایە، ژمارەیەک لەوانە ئامادە نەدەبوون هەموو زانیارییەکان بدەن و؛ ناویان تۆمار نەدەکرد.

زۆرێک لە سایتە گەورەکانی دونیا وەک فەیسبووک ئەم ستراتیژە بەکاردێنن.

بە هەمان جۆر بۆ فرۆشتنی بەرهەمێکی نوێ، ئەوەندە بەسە کە داواکارییەکی بچووک لە ئەندامان بکەیت.

بۆ نموونە: دەتوانیت ئیمەیڵێکیان بۆ بنێریت و داوایان لێبکەیت سەیری ڤیدیۆیەکی خۆڕایی بکەن.

دوای چەند ڕۆژێکی تر داواکارییەکی گەورەتریان لێبکەیت. بەم جۆرە ژمارەی فرۆشەکانت زیاد دەکەن. حاڵەتی باش ئەوەیە کە چەند داواکارییەکی بچووکت هەبێت و داواکارییە بنەڕەتییەکە باس نەکەیت.

ئەم بیرۆکەیە بەتەواوی بەهێزە و هەموو دامەزراوە گەورەکانی دونیا بەکاری دەهێنن.

## خاڵە گرنگەکانی ئەم بەشە

**سوود لەم (٢١) خاڵەی بازاڕکاریی دەروونی وەربگرن بۆ زیادکردنی فرۆش و سەرخستنی بزنسەکەتان.**

١ بژاردەی گونجاو بدە بە کڕیارەکە.

٢. داواکاریی بچووک.

٣. خاڵەکانی ئازار کەمبکەوە.

٤. پاساوی نرخ.

٥. سوودوەرگرتن لە ژمارەکان لە بازاڕکاریدا.

٦. سوودوەرگرتن لە چیرۆک.

٧. هەڵبژاردنی زیرەکانەی وێنەکان.

٨. ناونانی شیاوی کاڵاکان.

٩. سوودوەرگرتن لە سیفەتە شیاوەکان.

١٠. چەند تێبینییەک لەسەر فرۆشی ڕووبەڕوو.

١١. زیادکردنی بژاردەی ناماقووڵ.

١٢. ڕێکخستنی زنجیرەی نمایشکردنی کاڵاکان.

١٣. وەڵامدانەوەی چاکە.

١٤. کەمکردنەوەی پەشیمانیی دوای کڕین.

١٥. گۆڕینی ناڕەزایی بە داهات.

١٦. کاریگەری کۆکراوە لە ڕازیبوون و ناڕازیبوونی کڕیاردا.

١٧. بازاڕکاریی دەروونی لە دروستکردنی بەرهەمدا.

١٨. ئاسانکردنی یەکەم کڕین.

١٩. سوودی خێرا و کاتی.

٢٠ سوودوەرگرتن لە دەستەواژەی کاریگەر.

٢١. کەمبوون.

## بەرهەمەكانی گەشتیار غەریب

## لە پڕۆژەی کارسازی شادمان (کتێب)

| ژ | ناوی کتێب | شێواز |
|---|---|---|
| ١ | شادمانی لە ناوجەرگەی سەختییەکاندا | وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە |
| ٢ | دوای دڵت بکەوە | وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە |
| ٣ | ڕێی سامانداربوون | ئامادەکردن |
| ٤ | کاتت زیاد بکە | ئامادەکردن |
| ٥ | دەرمانی کاردواخستن | ئامادەکردن |
| ٦ | دەستکەوتت زیاد بکە | ئامادەکردن |
| ٧ | بازاڕکاریی دەروونی | وەرگێڕان لە فارسییەوە |
| ٨ | وەک دکتۆرەکان بفرۆشە | نووسین |
| ٩ | کڕیارەکانت زیاد بکە | نووسین |
| ١٠ | شکاندنی سنوورەکانی فرۆش | وەرگێڕان لە فارسییەوە |

بۆ داواکردنی کتێبەکان: لێرە کلیک بکەن